الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# بانگەوازێك بۆ ڕێكخراو بنكە كوردی و عیراقیەكان لە بەریتانیا

## سلاوێكی گەرم....

هەروەك زۆربەتان لەكۆبوونەوەكەی وەزارەتی ناوخۆ رۆژی **27–11–2006 ئامادەبوون وە تۆینەری 27 لایەن كە بۆ كۆبوونەوەكە بانگهێشكرابوون ئیمزای خۆتان دا لەو یاداشتنامەیە كە خواستی :**

1. راگرتنی دەست بەجێ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ كوردستان
2. وەلآم دانەوەی فەوری بەو پەنابەرانەی لە چاوەروانیدا ماونەتەوە داوای كردنەوەی كەیسەكانیان جارێكی تر بیەشێوەیەكی یاسایی و لابردنی هەموو زەخت و زۆرێك لەسەر پەنابەران.
3. گیرانەوەی تەواوی خزمەتگوزاریەكان بۆ پەنابەرانی كورد و عیراقی وە رەچاوكردنی مافەكانی مرۆڤی ئەورووپا بۆ كەیسەكانی پەنابەرانی كوردو عیراقی.
4. بەرەسمیت ناسینی لجنەیەك لەو پەنابەرانەی كە لەسەر خواستی خۆیان گەراونەتەوە كوردستان بۆ جێ بەجێكردنی ئەو بەڵێنانەی پێیان دراوە.

سەر ئەنجام وەزارەتی ناوخۆ وەلآمی یاداشتانامەكەی ئێمەی داوەتەوە و هیچ شتێكی تازەیان تیا نەووتووە لەو قسانە زیاتر كەلەكۆبوونەوەكەدا رایان گەیاند ،زیاتر لەمانەش ماوەی دوو هەفتەیە هەڵمەتێكی تری گرتنی پەنابەرانی كورد دەستی پێكردوە وە تائیستا ژمارەیەك لە پەنابەرانی كورد لەگرتووخانەكانی (ئۆكنتن،هاسلەر،كامسفیلد هاوس ،گلاسگۆ،دۆن كاسەر ،دۆڤەر،ئۆكسفۆرد..) راگیراون وە بەپێ چەند سەرچاوەی جیاواز بریارە رەوانەی كوردستان بكرێنەوە ،ئەگەر چی ئێمە بۆ كۆمەڵكیان پاریزەرمان گرتووە بەلام زۆربەیان كەفالەتەكەیان رەفز كراوە.

ئێمە تا ئێستا كۆمەڵێك ئیقداماتمان دەستپێكردوە كە خۆتان ئاگادارن و هەواڵەكانی بلاو بۆتەوە وە لەگەڵ زۆربەتان تەلەفونی قسەمان كردوە،هاوكات زنجیرەیەك خۆپپیشاندانمان داناوە لەشارەكاندا وە هەروەها 24–1–2007 رۆژی چوارشەمە ،كاتژمیر 4 تا 6 ئێوارە لە لەندەن بەردەم وەزارەتی ناوخۆ خۆپپیشاندان دەكەین ،ئێوەش هاورا بوون لەگەڵمان كە خۆپپیشاندانێكی سەرتاسەری بكەین بۆ پوچەڵكردنەوەی ئەم سیاسەتە دژ ئینسانی یەی دەولەتی بەریتانیا بەرامبەر پەنابەرانی كورد ،بۆیە داواكارم بە تەواوی تواناتانەوە بێن بۆ ئەو خۆپپیشاندانە بەشداری بكەن ئاسانكاری بكەن بۆ هێنانی پەنابەران لەشارەكانەوە ،هەرئیمزا وەیان نامەیەكی نارەزایەتی كۆكراوەتەوە تكایە لەگەڵ خۆتان بهێنن هەر ئیمكانێتێك لەتوانادایە كۆمەك بكەن بەسەركەوتنی ئەم خۆپپیشاندانە .

گرنگە لەنزیكەوە یەكتر ببینین لەسەر كارەكانی دواتر یەكتر ئاگادار بكەینەوە وە داواكارم ئەمە رۆژێكە بەگیانێكی مەسولانە تەماشای ئەم مەسەلەیە بكەین ئەویش بۆ رزگار كردنی پەنابەرانێك كە كە خەتەری ناردنەوەیان لەسەرە.

دووبارە دەستان دەگوشم

**بەهیوای بەشداری هەموو لایەك.**

**دەشتی جەمال**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-1-23

**تیبینی:وەزارەتی ناوخۆ نزیك پەرلەمانی بەریتانیا ،بەیانی كاتژمیر 3 لە بەردەم ئیستگای قیتاری ویستمنستەر كۆدەبینەوە**

**بۆ پەیوەندی بە سكرتاریتی فیدراسیۆن**

**دەشتی جەمال ژمارەی موبال**(07856032991) **بورهان فەتاح بەژمارەی** (07929010257) **وجاسم غفور بەژمارەی**(07929010257)

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** www.csdiraq.com

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk